# ئیمامی مالیک

خوێنەری خۆسەویست،چرای مەجلیسی ئەمڕۆمان ،یەکەم دووڕناسی دەریایی مەعانی،زانا بە مەعناو لەفزی قورئانی،زانیاری دەریا،ئەو مەلەوانی،فەرموودەکانی لەعلی یەمانی،هاتە شاری شەرع،بوو بە سوڵتانی،ڕابەرو واریسی دیینی پێغەمبەری،ڕووناك کەرەوەی دیین و دنیایی بە شەری،بە ڕوو پشت ئەتڵەس،بچینە خزمەت ئەو کەسەی کە پێغەمبەر { }دەربارەی ئەو فەرموویەتی:زانایەك لە مەدینە پەیدا دەبێ،عالەمی ئیسلامی موحتاجی عیلمی ئەو دەبن،ئەویس جەنابی ((ئیمامی مالیك))ە

((ئیمامی مالیك))بە قەولێك دەڵێن:لە ساڵی نەوەت و سێی کۆچیدا،لە شاری مەدینە لە دایك بووە و لە ساڵی سەت و نەوەت و نۆدا وەفاتی فەرمووە،بەڵام هەندێکی تر بۆ زانینی ڕۆژی لە دایك بوون و ماوەی ژیانی لە دنیادا و ساڵی وەفاتی بە حیساب ئەبجەت ئەو نیوە شعرەیان داناوە و دەڵێن:

(و مالك فی قطع جوف ضبطا)واتە((ئیمامی مالیك)) لە ((فی)) دا لە دایك بووە،کە بە حیسابی ئەبجەت، ((ف)) ((هەشتا))و ((یا)) ((دە)) یەو دەکاتە ساڵی نەوەتی کۆچی ،لە ((قطع))یشدا وەفاتی فەرمووە،کە ((ق)) سەدە و ((ط)) ((نۆ)) یەو ((ع)) ((حەفتا))یە.دەکاتە سەت و حەفتاو نۆ،عومەیشی ((جاف)) ە کە ((ج)) ((سێ))یەو ((و)) ((شەش))و((ف)) ((هەشتا))یە،واتە:هەشتاو نۆساڵ ژیاوە،

((ئیمامی مالیك))سەرجاوەی عیلم و ئەدەب و خوو ڕەوشتی بەرز بووە،گەوهەرێکی بێ وێنە بووە،ئەدەبێکی زۆری لە پێغەمبەر کردووە و هەر کاتێ ویستبێتی حەدیثی پێغەمبەر وەخوێنێ،لە پێشدا غوسڵی کردووە و خۆی بۆن خۆش کردووە و نەی هێشتووە کەس قسە بکا،ئینجا دەستی کردووە بە حەدیس خوێندنەوە،

یەکێ لە پیاو چاکان دەڵێ:تازە ((ئیمامی مالیك))خوێندنی تەواو کردبوو،شەوێك لە خەومدا پێغەمبەر لە مزگەوتی مەدینە دانیشتبوو،خەڵکێکی زۆری لە خزمەت دانیشتبوو،((ئیمامی مالیك))یش،لە بەردەمی پێغەمبەر ڕاوەستا بوو،زەرفێکیش لە بەردەم پێغەمبەر دانرا بوو،پێغەمبەر خێرا خێرا دەستی موبارەکی دەخستە ناو زەرفەکەو چنگێکی پڕی دێنایە دەرو دەی دا بە((ئیمامی مالیك))ئەویش بەسەری خەڵکدا بەشی ئەکرد،دەفەرمووێ:لە پاش بەینێك ،ئاوازی زانیاری( ئیمامی مالیك))،بە عالەمی ئیسلامدا بڵاو بوویەوە،ئەو کاتە زانیم مەعنای خەوەکەم چیە،((ئیمامی مالیك))دەیان فەرمایشتی وای فەرمووە کە ئەبوو بە ئاوی زێڕ بنوسرێتەوە،یەکێ لە فەرمایستەکانی ئەوەیە کە دەفەرمووێ:[اذا لم یکن للانسان فی نفسه خیر ،لم یکن للناس فیه خیر]،هەرکەسێ خێری بۆ خۆی نەبوو ،(زەرەری بە دنیاو قیامەتی خۆی وەگەیاند)ئەوە،ئەو کەسە،قەت خێری بۆ خەڵك نابێ، بە تایبەتی لە فەرمایشتێکدا زۆر ئامۆژگاری زانایانی ئایینی دەکاو دەفەرمووێ:[ذل و اهانه للعلم آن یتکلم لرجل بالعلم عند من لا یطیعه]،ئەی زانایانی ئایینی،تکاتان لێ دەکەم ،عیلم سووك مەکەن و خۆتان و ئایەتی قورئان و حەدیثی پێغەمبەر مەکەن،ئایەت و حەدیث بۆ یەکێك مەخوێننەوە کە ئیمانی نەبێ و ئیتاعەی خوا و پێغەمبەر نەکا،فەرمووی:[انک قد استدبرت الدنیا منذکنت ،واستقبلت الاخره ،و آن دارا تسیر الیها آقرب الیک من دار تخروج منها]،ئەی برای زانای ئاینی ،بزانە کە تۆش و هەموو ئەو کەسانەی کە لە دایك بوون ،لە کاتی لە دایك بووندا، پشت دەکەنە دنیا و ڕوو دەکەنە قیامەت،چوونکە تا لە سکی دایکتدای،بەرەو دنیا دێی ،بەڵام کە لە دایك بووی،لە بەر ئەوەی ماوەی مانەوەت لە دنیادا دیاری کراوە،ناتوانی چەند سانیەك زیاتر لە دنیادا وەمێنی ،بەرەو قیامەت دەڕۆی ،وە بزانە کە ئەو ماڵەی،بەرەو پیریەوە دەچی،لە تۆ نزیك ترەو نزیکتر دەبێتەوە لەوەی بەچێی دێڵی،جا کە وایە ئاگات لە خۆت بێ و نەفس و شەیتان هەواو هەوەس و ئینسانی نامەرد بە سەهوت نەبەن و لە ڕێگا لات نەدەن،

((ئیمامی مالیك))لەگەڵ ئەو هەموو عیلم و زانیاریەو لەگەڵ ئەوەشدا،کە نوسین و کتێبەکەی بە ناوی

((الموطا)) ی ((ئیمامی مالیك))لە پاش((قورئان))،یەكەم نوسراوە و كتێبەكە دانراوە و زۆر بە نرخە،زۆر خۆی بە كەم گرتووە و زۆر ئەمین بووە،
هەر كاتێ فتوایەكی ئەدا،لە دوای نوسینی فتواكەی ئەو ئایەتەی سورەی جاسیەی دەخوێندەوە كە دەفەرمووێ:[ان نضن الا ضنا و ما نحن بمستیقنین]،ئێمە هەر بە بیر و ڕاو زەینی خۆمان،ئەو فتوایە لە ئایەت و حەدیث وەرئەگرین و بە تەواوی لێمان یەقین نیە،ئەگەر كەسێك هات و مەعنایەكی جوانتری لە ئایەت و حەدیث دایەوەزۆرمان پێ خۆشە.
((ئیمامی مالیك))زۆر لە خوا ترس بووە،با بۆ لە خواترسان،چاو لە ((ئیمامی مالیك))بكەین،دەڵێن:لە مەزهەبی،((ئیمامی مالیك)) دا درووست نیە لە پاش نوێژی عەسر،نوێژی سونەتت بكرێ،كە چی جارێك دوای نوێژی عەسر تەشریفی لە مزگەوت دەبێ،كوڕیكی گەنج دێ،دەڵێ:ئەی((ئیمامی مالیك))هەستە دووڕكات نوێژ بكە،ئەویش بێ دەنگ هەڵدەستێ و دوو ڕكات نوێژ دەكا،عەرزی دەكەن دەڵێن:قوربان،جەنابت لات وایە كە دوای نوێژی عەسر نوێژی سوونەت دروست نیە،؟ئەی بۆ موخالەفەی مەزهەبەكەی خۆت كرد و نوێژت كرد،؟
لە وەڵامدا فەرمووی:[خشیت آن اكون من الذین اذا قیل لهم اركعوا لا یركعون] ئاخر لەوە ترسام كە هەڵنەسم،خوای گەورە،لەو كەسانەم حسێب بكا كە پێیان دەڵێن:هەستن دووڕكات نوێژ بكەن و ڕكوع بۆ خوا بەرن ،نەی كەن و بیان باتە جەهەننەم،
وەكو عەرزم كردن ((الموطا))ی ((ئیمامی مالیك))یەككەم نوسراوەیە لە دوای ((قورئان))حەدیثی وای تێدا ڕیوایەت كراوە،كە قیمەتی تەواو نابێ،جا لە بەر گرنگی ئەو حەدیسانە،لێرەدا چەند حەدیثێكتان بۆ شی دەكەمەوە،كە وەكە تەڵای دەستە و شار بۆی وەی دەبن دەماو دەم و دەستاو دەستیان بگێڕێ و سودیان لێ وەرگرن،
بۆ نمونە دەفەرمووێ:[مر علی النبی{ }بجنازه ،فقال مستریح او مستراح منه .فقالوا:یا رسول الله ما المستریح و ما المستراح منه؟قال العبد المؤمن یستریح من نصب الدنیا و آذاها الی رحمه الله،والعبد الفاجر یستریح منه العباد والبلاد والشجر و الدواب]
ڕۆژێك جەنازەیەكیان هێنا،پێغەمبەر{ }فەرمووی:ئینسان كە مرد.یان خۆی ئاسودە دەبێ،یان بە نەمانی ئاسودە دەبن،بە عیبارەتێكی تر فەرمووی:ئەش حەسێتەوەو لە بەریشی ئەحەسێتەوە،عەرزیان كرد قوربان جۆن؟فەرمووی:ئەو كەسەی دەمرێ،ئەگەر مسوڵمان بێ،لە ناڕەحەتی دنیا ڕزگاری دەبێ و دەچێتە قاپی بارەگای خوا،وە ئەگەر كافریش بێ،ئەوە خەڵك و ووڵات و حەیوانا ت و دارو بەرد.؛ە بەری دەحەسێنەوە .خوێنەری خۆشەویست چەند خۆسەو چەند ڕوو سووریە بۆ خۆت و كەس و كارت كە تاماوی وا بژی شاعیر ئەڵێ:
{وا بژی لە دنیا ئەگەر بمری هەرچی ناوت بزانێ بۆت بگری}
لە فەرمایشتێكی تردا فەرموویەتی: [ساعتان تفتح فیها ابواب السماء فلم ترد فیژا دعوه ،عند حضور الصلاة و عند الزحف للقتال]،ئەی ئومەتی پێغەمبەر،ووشیار بن،بە تایبەتی دوو كات هەن ،لە ماوەی ژیانتانا،لەو دوو كاتەدا،فرسەت لە دەست مەدەن،دوعایان تێدا گیرا دەبێ،یەكەمیان،وەختی چونە سەر بەرماڵە بۆ نوێژ،ئەوی تریشیان وەختی غەزا كردنە،لە دوو كاتەدا،دوعای ئینسانی نوێژ كەرو غازی شەڕی كافران گیرا دەبێ،لە جێگایەكی تردا دەفەرمووێ:پێغەمبەر فەرموویەتی:[من قضی لآخیه حاجه كنت واقفا عند میزانه ،فآن رجح و الآ شفعت له]،هەر كەسێك لە دنیادا،لە ئۆمەتی من كاری برایەكی دینی ڕاپەڕینێ،و بۆی جێ بە جێ بكاو ،دڵخۆشی بكا،ئەوە لە كاتی وەزن كردنی خێر و شەڕی ئەو كەسە لە مەیدانی مەحشەردا حازر ئەبم،ئەگەر خێری زۆر تر بوو ئەوە باشە،بەڵام ئەگەر گوناحی زۆرتر بوو،ئەوە پاداشتی ئەو چاكەی كە لە دنیادا لەگەڵ داماوێكی ئوممەتی من كردوویەتی ،شەفاعەتی بۆ ئەكەم و ڕزگاری ئەكەم،خوێنەرینە بە ڕاستی ئە حەدیپە مژدەیەكی زۆر خۆشە،
ئیمامی شەعرانی لە كتێبی((الطبقات الكبری)) دا ،لە بەس ئەدەب وشەرم وحەیایی ،((ئیمامی

مالیك))دا ،دەفەرمووێ:((ئیمامی مالیك))لە مەدینەی مونەوەرە قەت سواری وولاغ نەدەبوو،هەمیشەش هەر بە پێ خاوسی دەڕۆشت،دەی فەرموو:من حەیا دەکەم لە خوا،کە بە سواری یان بە پێڵاوەوە بە سەر خاکێکدا بڕۆم.کە لاشەو جەنازەی موبارەکی خۆشەویستی خوای،لە باوەش گرتبێ،لەگەڵ ئەوەشدا ((ئیمامی مالیك))سام و هەیبەتێکی زۆری هەبووە،تەنانەت پاشاو مەلك و ئەمیرانیش شەرمیان لێ دەکرد،

با ئەو حیکائەتەتان بۆ بگێڕمەوەو بزانن کە((ئیمامی مالیك))چۆنی ئیحترامی عیلم وزانیاری گرتووە، دەڵێن:خەلیفەی بەغدا،هاروونە ڕەشید،دەچیتە مەدینەی مونەوەرەو خەبەر دەزانێ کە،((ئیمامی مالیك))کتێبێکی داناوە بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە،بە جەعفەری بەرمەکی دەڵێ:بچۆ بۆ لای((ئیمامی مالیك))و سەلامی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ:هاروون دەڵێ:کتێبەکەی بێنێ،هەندێکم بۆ وەخوێنێ،جەعفەری بەرمەکی دەڕواو عەرزی دەکا،((ئیمامی مالیك))دەفەرمووێ:بچۆوە سەلامی من بە خەلیفە بگەیەنەو پێی بڵێ))مالیك))دەیگوت:عیلم زیارەتی کەس ناکا،دەبێ زیارەتی بکرێ و بە پیری کەسەوە ناچێ ،دەبێ بە پیریەوە بچن،جەعفەری بەرمەکی چووەوە عەرزی خەلیفەی کرد،لەو کاتەسدا،ئیمام ئەبو یوسف،کە شاگردی ئیمامی حەنەفی بوو،زانایەکی عێراقی زۆر بەرز بوو،((ئەوە تائێستا مەرقەدی موبارەکی لە مزگەوتی ئیمام موسای کازم دایەو بارەگایی جیایە،)لای هاروونە ڕەشید دانیشتبوو،فەرمووی:ئەی ئەمیری مسوڵمانان،بە دوایدا بنێرە و با بێ،ئەگینا خەبەر دەچێتەوە بۆ عێراق،دەڵێن))ئیمامی مالیك))بە قسەی خەلیفەی نەکردووە،لەو کاتەدا،((ئیمامی مالیك))وە ژوور دەکەوێ و سەلام دەکاو دادەنیشێ،هاروونە ڕەشید ،دەڵێ:ئەی ((ئیمام مالیك))، من دەنێرم بە دوات داو جوابم نادەیتەوە،؟((ئیمامی مالیك)) زۆر بە بێ ترس دەڵێ:زەیدی کوڕی سابیت دەفەرمووێ:کاتبی وەحی بووم،((قورئان))م دەنووسیەوە،نوسیم[لا یستوی القاعیدون من المؤمنین والمجاهدون] لەو کاتەدا عبداللەی کوڕی [ام مکتوم]لە وێ بوو،گووتی:ئەی ڕەسولی خوا،دەی باشە خواوەندی گەورە دەفەرمووێ:دەرەجەی ئەوانەی ناچنە غەزاو لەماڵەوە دادەنیشن،وەك ئەوانە نیە کە دەچنە غەزا،من کە کوێرم و غەزام بۆ ناکرێ ج گوناحێکم هەیە،؟پێغەمبەر داماو فەرمووی:نازانم!دەفەرمووێ:منیش قەڵەمەکەم ڕاگرت و ڕاوەستام،پێغەمبەر بێ هۆش بوو،لە پاشان هەستا ،دا نیشت فەرمووی:ئەی زەید بنەسە[غیر آولی اضرر]،ئیللا ئەوانە نەبێ کە مەعزوورن،شەلن کوێرن هەر عوزرێکیان هەیە،ئەوانە مەعفوون،((ئیمامی مالیك))فەرمووی:ئەی هاروونە ڕەشید ،بۆ ئەو دوو کەلیمە،حەزرەتی جوبرەئیل و پێغەمبەر ئەوەندە ناڕەحەت بوون،تا خوا فەرمووی:جا توو خوا هەقم نیە،من ڕێزی عیلم بگرم،جەنابیشت خوای گەورە بەرزی کردوویەوەتۆ مەبە بە یەکەم کەس،عیلم سووك بکە،با خوا سووکت نەکا،هاروونە ڕەشید زۆری پێ خۆش بوو،هەستا لەگەڵ ((ئیمامی مالیك)) جوو بۆ ماڵی ((ئیمامی مالیك))هاروونە ڕەشید گووتی:لە کتێبەکەت،نەختێکم بۆ وەخوێنە،فەرمووی:زۆر دەمێکە بۆ کەسم نەخویندۆتەوە،هاروونە ڕەشید گووتی:با خەڵکەکە بڕۆنە دەرەوە،تا خۆم بیخوێنم،((ئیمامی مالیك))فەرمووی:هەر عیلمێك بۆ یەکێك لە خەڵک مەنع بکرێ،ئەو یەکە،قەت سوودی لێ ناکا،ئینجا مەعنی کوڕی عیسای قەزازیان هێنا و((الموطا))ی ((ئیمامی مالیك))ی دەخوێندەوە و ((ئیمامی مالیك))مەعنایی لێ دەدایەوەو هاروونە ڕەشید گوێی گرت بوو،لە پاشان هاروونە ڕەشید زۆر بە ئەدەبەوە دەستی((ئیمامی مالیك))ی ماچ کرد و گەڕایەوە،

لە پاش ماوەیەك،((ئیمامی مالیك))لە ڕۆژی دەی مانگی ڕەبیعی ئەوەل ساڵی سەت و حەفتاو نۆی کۆچی ،لە مەدینەی مونەوەرە وەفاتی فەرمووە،ئێستا مەرقەدی موبارەکی لە قەبرستانی بەقیعە،ئەوە بوو بە کورت باسی ژیان و بەسەرهاتی ((ئیمامی مالیك))بە ئومێدی سوودتان وەرگرتبێ